---

## بەشی چوارەم

## هەڵاوسان و داکشانەوە- التضخم والانكماش-Inflation and Deflation

### هەڵاوسان -التضخم- Inflation

ئابوریناسی ئەمەریکی فریدمان دەڵێت: هەلاوسان بریتییە لە زیادەیەکی لە رادەبەدەری دەرکردنی نەختینە Money، یاخود زیادبونی خواستی گشتییە، بە بەراورد بە کەمی خستنەڕووی کاڵاوخزمەتگوزاري لە رووی رووکەشییەوە جوڵەیەکی هەڵکشاوی بەدوای یەکە لە ئاستی گشتی نرخەکان Prices .

کاردنێر ئاکلی دەڵێت: هەڵاوسان بریتییە لە بەرزبونەوەی بەردەوامی هەستپێکراو لە ئاستی گشتی نرخەکان یا تێکڕای نرخەکان.

**پرسیار: ئایا بەرزبونەوەی نرخ لە کاتی بۆنەو جەژنەکان پێی دەگوترێت هەڵاوسان ؟**

### تێکڕای هەڵاوسان- معدل التضخم- Inflation Rate

**پێناسەی تێکڕای هەڵاوسان**: رێژەی زیادبونی ساڵانەیە لە نرخی بەکاربەران بە بەراورد بە نرخەکانی ساڵی پێشووتر.

تێکڕای هەڵاوسان بەم شێوەیە پێوانە دەکرێت:

$$\text{ژمارەی پێوانەیی کۆکراوەی سادە} = \frac{\text{کۆی نرخەکانی ئەمساڵ } 2023}{\text{کۆی نرخەکانی ساڵی بنەڕەت } 2022} \times 100$$

بەپێی خەملاندنی ساڵی 2011 تێکڕای هەڵاوسانی جیهانی 4,9% بەڵام وڵاتانی پێشکەوتوو 3% وڵاتانی پاشکەوتوو 6.3%، بەشێوەیەکی گشتی هەڵاوسان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە نێوان 0 % بۆ 4%، بەڵام لە وڵاتانی پاشکەوتوو لە نێوان 5% بۆ 10% یا زیاترە.

### تایبەتمەندی و مۆرکی هەڵاوسان - سمات او خصائص التضخم - Properties Inflation

ئاکامی فاکتەرە ئابورییە جۆراجۆرەکانە، کە لە نێوان خۆیاندا دژ بەیەکەن، هەڵاوسان دیاردەیەکی دژوارو فرە رەهەندە لە یەک کاتدا. ئەنجامی ناهاوسەنگی پەیوەندی نرخە لە نێوان نرخی کاڵاو خزمەتگوزاری لەلایەک و لەلایەن نرخی رەگەزەکانی بەرهەمهێنان (ئاستی قازانج، کرێ، تێچوی بەرهەمهێن) لەلایەکی دیکەدا.نزمبونەوەی بەهای دراو بەرامبەر بە نرخی کاڵاو خزمەتگوزاری کە نزمبونەوی هێزی کرینی(انخفاض القوة الشرائية) ناودەنرێت، ناکرێت تەنها هەڵاوسان لە بەرزبونەوەی نرخ کۆبکەینەوە، بەڵکو بەشێکە لە قەیرانی ئابوری جیهانی هەنوکەیی، بە هەموو وڵاتێکدا تێپەڕ دەبێت، وەک: هۆکاری بێکاری، قەیرانی نیشتەجێبون و بەرزبونەوەی کرێی گواستنەوە، نزمبونەوەی کشتوکاڵی بە پیت و کارەسات و دزی و شەڕو نزمبونەوی نەختینەی ناوخۆیی لە بازاڕی دراو، راوەستانی گەشەکردن و خاوی، ناجێگیری و گەندەڵی ئەوانەش کۆمەڵگە بەرەو بەکاربردن دەبەن، ئەمەش مانای وایە هەڵاوسانە.

---

# جۆرەكانی هەڵاوسان- انواع التضخم- Types of Inflation

## 1. هەڵاوسانی خشۆک - التضخم المتدرج او المعتدل- الزاحف - Inflation Creeping

لە پلە بە پلەی بەرزبونەوی نرخ دەست پێدەكات، كاتێک خواست زیاد دەبێت و بەرهەمی خراوەڕوو جێگیرە، ئەو جۆرە لە وڵاتانی پێشەسازی پێشكەوتوو كە هۆكارەكانی بەرهەمهێنیان پێشكەوتووە و دەتوانن وەڵامی پێداویستیەكانی خواستی بەكاربەر بدەنەوە یا پڕبكەنەوە، بۆیە زۆر كاریگەری نییە بە بەراورد بە وڵاتانی دواكەتووی بەكاربەر، هەر بۆیە خاوەن داهات سنوردارەكان ماوەیەک بەرگەی هەڵاوسان دەگرن بە شێوازی جۆراجۆر، بە شێوەیەكی سروشتی بەرزبونەوەی نرخ بە هێواشی ساڵانە2% یەو پاشان ئەو بەرزبوونەوەیە بۆ ماوەیەكی درێژ بەردەوام دەبێت و لەلایەن تاكەكانەوە قبوڵكراوە، ئەو جۆرە لە هەموو ئابوریيە پیشەسازییەكان روو دەدات تا ببێتە هۆی هاندانی گەشەپێدانی ئابوریی، چونكە نزمبونەوەی نرخ ئابوری بەرەو پاشەوە دەبات.

## 2. هەڵاوسانی خێرا- التضخم المتسارع او العنيف - Accelerating Inflation

بەوە دەناسرێت لە زیادبونێكی بەردەوام و خێرادایەو دوو بەرامبەرە لە ئاستی نرخدا، تێكڕای هەڵاوسان لەو جۆرەدا دەگاتە 5% ساڵانە.

## 3. هەڵاوسانی شاراوە-التضخم الحبيس أو المقيد أو المكبوت أو الكامن- Depressed inflation

لەو وڵاتانەدا روودەدات كە پلانی ناوەندی هەیە و سیاسەتی دەستخستنە چالاكییە ئابورییەكان هەیە، ئەمەش كاریگەریان لەسەر هێزی خواست و خستنەڕوو دەبێت، بە هۆی چاودێری لەسەر  دانانی نرخ (تسعير) یا بەهۆی سیستەمی كۆبۆن كە ساڵانی 1980-1988 لە عێراق هەبوو  وەک  بازاڕی ئۆرزدی.

## 4. هەڵاوسانی سەركێش - التضخم المفرط أو الجامح- Hyperinflation

بە شێوەیەكی زۆر  نرخی بەرزدەبێتەوەو تاک متمانەی بە بەكارهێنانی دراو نامێنێت وەک سەرچاوەیەكی بەها، بەرزبونەوەكە بەدوای یەكەو هیچ وەستانی نیەو كاریگەریەكی كەمەرشكێنی بۆ سەر ئابوری هەیە، دەبێتەهۆی لاوازی توانستی هێزی پارە بۆ كڕینی كاڵاو دراوی نیشتیمانی دووچاری  پوكانەوە دەبێت، لەو كاتەدا پارە زیاتر بۆ كەرتەكانی جامبازی و خانوبەرە بەكاردێت و پاشەكەوتی نەتەوەیی كەمدەبێتەوە،  كە ئەوەش لە كاتی جەنگ و تەنگەژە سیاسیەكان روودەدا وەک جەنگی عێراق – ئەمەریكاو قەیرانەكان نێوان بەغداو هەولێر یا لە ئەڵمانیا لە ساڵانی 1922-1923، هەنگاریا 1944-1945  لە هەرێمی كوردستان 1994-1995  لە شەڕی ناوخۆ، هەموو مانگێک بەڕێژەی 50% نرخ بەرز دەبویەوە.

---

**5. هەڵاوسانی خولدار -التضخم الدوري** – Inflation Cyclical

لە ئاکامی روودانی گۆڕانکاری لە خستنەڕوی گشتی و خواستی گشتی روودەدات کە پەیوەستە بە خولی ئابوری، هەڵبەزو دابەز لە چالاکییە ئابورییەکان روودەدات لە بەرهەمهێنان و کرێکارو نرخ،
1.قۆناغی بوژانەوە 2. قۆناغی رەواج 3. تەنگەژە یا قەیران 4. بێبازاڕی، جێگەی باسە لە قۆناغی رەواج هەڵاوسان روودەدات.

**6. هەڵاوسانی ئاشکرا یان کراوە- التضخم المكشوف او الظاهر أو المفتوح أو الصريح** Open Inflation

لە ئەنجامی بەرزبونەوەی بەردەوامی نرخ روودەدات بەبێ ئەوەی حکومەت دەستی تێبخات، ئەمەش لە ئاکانی زیادبونی خواستە بە بەراوردە بە گۆڕانکاری بە رێژەیەکی زۆر لە خستەنەڕووی کاڵاوخزمەتگوزاری بەمەش بەرزبنەوەی کرێ و خەرجی بەرهەمهێنانی نەرم بەدوای خۆی دەهێنێت. پێچەوانەی هەڵاوسانی شاراوەیە، لەو جۆرەدا بەردەوامی بەرزبونەوەی نرخ روودەدات لە ئەنجامی وەڵامگۆی زێدە خواست بەبێ دەستتێخستنی سروشتی لە لایەن حکومەتەوە.

**7. هەڵاوسانی وەستاو- التضخم الراكد**- Stagnant Inflation

کاتێ رێژەی هەڵاوسان بەرزتر دەبێتەوە لە 10% وەک ئەوەی روبەرووی هیندستان بویەوە لە ساڵانی 1973-1974-1979 رێژەی نرخ بۆ 19%, 25%, 26% بەرزبویەوە.

**8. هەڵاوسانی ئاسایی- التضخم الأصيل او عادي**- Original Inflation

خواستی گشتی زیاد بێت لەگەڵیدا تێکڕای بەرهەمهێنان بەرزدەبێتەوەو کاریگەری ناکاتە سەر بەرزبونەوەی نرخ، بە زیادبونی ژمارەی دانیشتوان پێداویستیەکانیان زیاد دەبێت، بەمەش حکومەت هەوڵدەدات بۆ پارەدارکردنی لایەنی خەرجی لە خەرجی گشتی هەڵدەستێت بە دەرکردنی دراوی زیاد ئەمەش ئاکامی بەرزبونەوەی نرخ بە دوای خۆی دەهێنێت.

**9. هەڵاوسانی جوڵاو- التضخم الحركي** – Dynamic Inflation

یەکێکە لە مۆرکەکانی سیستەمی سەرمایەداری لە لەگەڵ خۆی تەنگەژەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگوازێتەوە، وەک ئەوەی لە ساڵانی 2008ەوە تا 2016 لە وڵاتانی ناوچەی یۆرۆ هەبوو کە لە ئەمەریکاوە بۆیان گوزرایەوە.

---

### 10. هەڵاوسانی بێبازاڕی- التضخم الركودي أو ركود تضخمي- Stagflation

یەکەم داکشانەوە لە حەفتاکان سەری هەڵدا دوای قەیرانی نەوت ئەوەی دیکە لە ساڵی 1979، لە ماوەی رکود دا خواستی کارا( الطلب الفعال) دا ئەبەزێت و ئاستی بەگەڕخستنی دەزگاکانی بەرهەمهێنانی کەمدەبێتەوە و بێکاری زیاد دەبێت، لەو جۆرەدا قۆرخکاری تەواوی زاڵ روودەدات.

### 11. هەڵاوسانی دیاردەی جوگرافی و سروشتی- تضخم حسب الظواهر الجغرافية والطبيعية- Inflation by natural phenomena and geographical

بەهۆی روودانی دیاردەی جوگرافی و سروشتی دروست و بەردەوامی نییە وەک زەوی لەرزین و وتسۆنامی و لاوفاو....هتد.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هەڵاوسان- أسباب نشوء التضخم - Reasons for the Emergence of Inflation

١. هەڵاوسانی نەختینەیی- التضخم النقدي- Money –Full Inflation

٢. هەڵاوسانی پاڵپێوەنراو بە تێچوون- التضخم مدفوع بالتكاليف – Cost- Push Inflation

ئەوروپا بەهۆی ئەوەی بەهای تێچونی کەرەستەکانیان گرانە ناتوانن کێبڕکێ نرخ لەگەڵ وڵاتانە بکەن کە بە دۆلار یا بە دراوی نیشتیمانی خۆیان مامەڵە دەکەن بەتایبەت ئەمەریکا.

٣. هەڵاوسانی راکێشراو بە خواست- التضخم مسحوب بالطلب- Demand –Pull Inflation

پشت بەستن بە یاسای خواست و خستنەڕوو.

٤. هەڵاوسانی هاوردەکراو- التضخم المستورد– Import Inflation

زیادبونی نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییە دەرەکییەکان بەتایبەت لەو وڵاتانەی پشت بە بەرهەمی بیانی دەبەستن وەک هەرێمی کوردستان و عێراق.

٥. هەڵاوسانی کۆمەڵایەتی- التضخم الاجتماعية– Inflation Sociological

بەرزبونەوەی نرخی چارەسەری پزیشک و دەرمان، دڵنیایی، گۆڕانکاری لە سیستەمی خانەنشینی و سیستەمی دڵنیایی کۆمەڵایەتی، سیستەمی جێگیری کار بۆ کارمەندانی حکومەت، نرخی کارەبا، ئاو، سوتەمەنی، خزمەتگوزاری گەیاندن.

٦. ئابڵووقەی ئابووری- حصار الاقتصادي– Economic Sanction

لەلایەن دەوڵەتێکی دەرەکی بسەپێنرێت بەسەر دەوڵەتێکی دیکە لە پشت سزای سیاسیەوە، تا لە ڕێگەی ئابورییەوە ئەو دەولە بروخێنرێت وەک عێراق لە ساڵی 1991 لە لایەن ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان دوو ئابلۆقە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حکومەتی بەغدا، هەروەها کوبا، ئێستاش ئێران کە ئاستی گشتی نرخ رۆژ بە رۆژ لە بەرزبونەوەیە و دراوی تومەن بەهای خۆی دەست داوە، لەو کاتەدا رێگری لە هەناردەو هاوردە دەکرێت لە هەموو جۆرەکانی کەرەستەو کاڵا بۆ ئەو وڵاتە ئەمەش بەرزبونەیە نرخ و نزمبونەوەی بەهای دراوی نیشتیمانی بە دوای خۆی دەهێنێت بە رێژەیەک کە ئەقڵ پەسەندی نەکات.

---

**٧. فاکتەری دەرەکی: عوامل خارجي-** External Factors

بەرزبونەوەی نرخی کەرەستەی خاو بۆ نمونە نەوت کە کاریگەری لەسەر تەرازوی پێدان و پاشان لەسەر جێگیری دراوی ناوخۆیی دەکات.

**٨.جامبازی - المضاربة -** Speculation

**٩. پێدانی قەرزی خانووبەرە:** Loan Real Estate

**١٠.چەماوەی فلیپس- منحنی فليبس** Curve Philips

پەیوەندیەکی پێچەوانە لە نێوان تێکرای هەڵاوسان و تێکرای بێکاری هەیە، Edmund Phelps مامۆستای ئابوری لە زانکۆی کۆلۆمبیا،یەکێکە لە ئابوریناسە بەناوبانگە هاوچەرخەکان لە ساڵی 1933 لەدایک بووە، تیۆری (المعدل الطبيعي للبطالة) تێکرای سروشتی بێکاری دانا، پاش تۆژینەوەی لە بارەی بێکاری و کرێی نەختینەیی لە بەریتانیا، فلیپس پەیوەندی پێچەوانەی لە نێوان بێکاری و گۆڕانکاری لە کرێی نەختەیی دۆزیوە، لەگەڵ زیادبونی بێکاری فشاری کرێکاران بۆ زیادبونی کرێ کەمتر دەبێتەوە، کەوایە بەرزبونەوەی بێکاری، لاوازی خواست لەسەر کاڵابەدوای خۆی دەهێنێت، لاوازی خواستیش ئاماژەیە بۆ لاوازی پەرەپێدانی ئابوری،بەڵام هەرکاتێک خواستی گشتی زیادبێت، کەوایە بەرهەمهێن کار دەکات بۆ زیادبونی قەبارەی بەرهەمهێنان و رەگەزەکانی بەرهەمهێنان زیاتر بەگەڕدەخات و رێژەی بێکاری کەمتر دەبێتەوە و کرێی کرێکار بەرزدەبێتەوە، ئەوەش تێچونی بەرهەمهێنان بەرزدەکاتەوەو بەمەش بەدوای خۆیدا نرخی کاڵاو خزمەتگوزاری بەرز دەکاتەوە.

**شوێنەوارو رەنگدانەوەی هەڵاوسان- الاثار التضخم-** Effects of Inflation

**١.دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی- اثار التضخم على اعادة توزيع الدخول** Income Redistribution

بەرزبونەوەی نرخی چارەسەری پزیشک و دەرمان، دڵنیایی، گۆڕانکاری لە سیستەمی خانەنشینی و سیستەمی دڵنیایی کۆمەڵایەتی، سیستەمی جێگیری کار بۆ کارمەندانی حکومەت،نرخی کارەبا، ئاو، سوتەمەنی، خزمەتگوزاری گەیاندن.

**٢.دابەشکردنەوەی سامانی نەتەوەیی- اثار التضخم على اعادة توزيع الثروة قومية-** Re-distribution of National Wealth

لە بەرژەوەندی ئەوانەی سامانی راستەقینەیان وەک ئۆتۆمبێل و خانوو.نەک چینی خاون سامانی نەختینەیی وەک پارەو پشک و قەواڵە، لەمەدا خاوەن سەرمایەکان روودەکەنە بواری بەکاربردن و هەموو رەگەزەکانی بەرهەمداری بەرەو جامبازی یا پارەبازی دەچێت لەسەر حیسابی وەبەرهێنان وەک ئەو دیاردەیەی ئێستا لە کوردستان هەیە.

**٣.بەرزبونەوەی رێژەی پرۆسەی وەبەرهێنان- اثار التضخم على الانتاج والاستثمار** Production and Investment

دەبێتەهۆی زیادبونی داهاتی بەرهەمهێنەرەکان و ئەوەش هانیان دەدات وەبەرهێنان بکەن لە هەمان کاتدا بەرهەمهێنەرەکان روودەکەنەوە زیادبونی کڕینی کەرەستەی سەرەتایی و کاڵای بەرهەمداری پێویست بۆ رایکردنی کارەکانیان.

---

**٤. لاسەنگی لە تەرازوی بازرگانی و پارەدان- اثار التضخم على الميزان تجاري و المدفوعات -** Balance of Payment and Trade

بەرزبونەوەی نرخی کالای خۆماڵی هانی کڕیار دەدات کالای بیانی بە هەرزانتر بکڕێت دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ڕێژەی ناردەنی و بەرزبونەوەی ڕێژەی کالای هاوردەنی.

**٥.کێبڕکی لە هەناردەکردنی کالا بۆ دەرەوە ناهێلێت و هاوردەکردن زیاد دەکات.**

٦. **سوودی بۆ قەرزار** (**المدين**) Debtor و **زیانی بۆ خاوەن قەرز** (**الدائن**) لەبەر ئەوەی کەسێک 2000$ قەرز بداتە کەسێکی دیکە ئەوە ئەگەر بیداتەوە بە بێ زیادەو کەم بۆی دەگرێنێتەوە، بەلام ئەگەر بەو برە پارە لەو کاتەدا بە بەراورد بە نرخی هەنوکەیی خانویەک یا ئۆتۆمبێکی بکڕیایە ئەوا ڕەنگە دوو ئۆتۆمبێل یا دوو خانوو بیکڕیایە.

٧. زیانی بۆ ئەو کەسانە هەیە پارە پاشەکەوت Save دەکەن. چونکە ئەو برە پارەیەی پاشەکەوت دەکەن لە کاتی هەلاوساندا هێزی کڕینی نامێنێت.

٨. بە هۆی کورتهێنانەوە حکومەت ناچار دەکات، پەنا بەرێتە قەرزی دەرەکی، تا کورتهێنانەکە پڕبکاتەوە.

٩. **پەیدابونی چینایەتی و بلاوبونەوەی بەرتیل:**

ئەمەش لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی کارمەندانی حکومەت ڕوودات، دەبێتە هۆی ئەو پارە بکەنە ئالتون و یا بە کەرەستەی درێژخایەن بکرن.

**هەلاوسانی ئەرێنی -التضخم الايجابي-** Inflation Positive

لە کاتی هەولاساندا توانای وەبەرهێنان لە کەرتی تایبەت و گشتی دروست دەبێت لەگەلیشیدا بری بەرهەمهێنان و قەبارەی فرۆشتن زیادبێت کە دەبێتە هۆی بوژانەوەی ئابوری و گەشەی ئابوری، بەمەش هەلی کارو بەکارهێنانی دەرامەتە ناوخۆییە بەکارنەهێنراوەکان زیادەبێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و وەبەرهێنانی بیانی باشتر دەبێت و پشت بەستن بە توانای دەرکی کەمتر دەبێتەوە پاشکۆیەتی ئابوری کەمدەبێتەوە، چونکە نزمبونەوەی نرخ دەبێتەهۆی بێبازاڕی و داکشانەوەی ئابوری، بەلام هەندێ شارەزای ئابوری رای پێچەوانەیان هەیە.

**چارەسەرکردنی دیاردەی هەلاوسان-** Solutions to the Phenomenon of Inflation

١. کەمکردنەوەی خەرجی گشتی حکومەت لە بواری خزمەتگوزاری و زیادکردنی بۆ وەبەرهێنان .

٢. چاودێریکردنی نرخ لە بازاڕ.

٣. کەمکردنەوەی بڕی نەختینەی پارەی نیشتیمانی و بچوکردنەوەی یەکەی دراو Currency تا بەهای Value بەرزبێتەوە.

٤. سەپاندنی باج و بەرزکردنەوەی نرخی سپاردەکان (ودائع – Deposits).

بانکی ناوەندی نرخی سوو لەسەر ودائع بەرز بکاتەوە، بە ئامانجی هاندانی خەلک و کۆمپانیاکان پارە بخەنە بانکەوە ئەوەش وا دەکات سیولەی نەختینەیی هەلمژێت لە ئالوگۆری دا.

---

٥. داڕشتنی سیاسەتێکی دارایی و نەختینەیی گونجاو.
٦. کاراکردنی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی.
٧. دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی قۆرخکاری.
٨. پڕکردنەوەی بازاڕ بە بەرهەمی ناوخۆیی و پشت نەبەستن بە بەرهەمی بیانی.

**داکشانەوە – الانكماش** - Deflation

هەرکورتهێنانێک لە ئاڵوگۆڕی نەختینەیی کە لە ئەنجامی کورتهێنان لە خواستی گشتی کارا لەبەرامبەر خستنەڕووی گشتی کاڵاوبەرووبوم لە کاتێکی دیاریکراودا کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان دەگرێتەوە.

**کاریگەرییەکانی داکشانەوە- تأثيرات الانكماش** - Effects of Deflation

١. نزمبونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان.
٢. بەرزبونەوەی نرخی سووی راستەقینە.
٣. نزمبونەوەی قازانجی کۆمپانیاکان.
٤. نزمبونەوەی وەبەرهێنان و کرێ.
٥. نزمبونەوەی بەکاربردن و بەرهەمهێنان.
٦. نزمبونەوەی خواست و گەشەپێدان.
٧. پێشبینی نزمبونەوەی نرخ وا دەکات کڕین کەمبکرێتەوە.

## چارەسەری داکشانەوە – حل الانكماش- Solution Deflation

بانکی ناوەندی بۆ نەهێشتنی داکشانەوە بڕی نەختینەیی زیاد دەکات، لەهەمان کاتدا ئەو رێککارانە دەگرێتەبەر:

أ. **رۆڵی سیاسەتی نەختینەیی- دور السياسة النقدية** - The Role of Monetary Policy

١. کەمکردنەوە دەکات لە دووبارە داشکاندن کە بەدوای ئەو تێکڕای سوو کەم دەبێتەوە لە بازاڕی نەختینەیی. ئەوەش وا دەکات خەرجی گشتی بەرزبێتەوە.
٢. رێژەی یەدەگی نەختینەیی کەم دەکاتەوە لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای بانکەکان بە پێدانی قەرز.

ب. **رۆڵی سیاسەتی دارایی و کرێ - دور السياسة المالية والاجرية**- The Role of Fiscal Policy and Wages

١. کەمکردنەوەی باجەکان.
٢. پشکداری چاودێری قەرزدانی گشتی لە رێگەی جوڵاندنی هێزی کڕینی لە بازار.
٣. زیادکردنی خەرجی گشتی حکومەت.
٤. هەرچی سیاسەتی کرێیە، کە ئامانج لێی رێکسختنی رادەی کەمبونەوەی کرێیەکانە، هاوتەریب لە لەگەڵ کورتهێنانی رادەی بەرهەمداری کار.